هەبژاردن وەرزی هەخەتاندن ... نەجم محەمەد

دیسان وەرزی هەبژاردن هاتەوەوگاتەجاێی هەمەتەکانی هەبژاردن دەستی پێکردەوە دیسان وەرزی ڕشتنی ژەهری فریودان دیسان وەرزی پیسکردنی ژینگە بەپەڵەباوکراوەکانی بانگەشەی هەبژاردن دیسان پیسکردنی ژینگەی چاو ژینگەی گوێ ژینگەی هەوا دیسان وەرزی شەهجوێن و شەپەڵو بڕێزیکردن وسوکایەتی وشکاندنی شکۆی ئینسان دیسان وەرزی هاتنە ناوبازاڕی بەناو سەرکردەوبەرپرس وکاندیدەکان وکۆمەڵایەتی بوون وقسەخۆشبوونیان دیسان وەرزی ڕاخستنی پەڵی سواڵکرنی دەنگ لەنێو بازاڕوشەقام ودوکان وکوچەو کۆڵان وماڵان دیسان تەقەدان لەدەرگای ماڵان بۆسواڵی دەنگدان دیسان وەرزی گەڕان دێ بەدێ شاربەشار دیسان وەرزی هەبژاردن وەرزی درێی گەورەوبەڕێنی قەبەوەرزی فریودانی خەڵکی وەرزی بەرنامەو پرۆژەی خەیاڵی کەیەك سەدە دوورە لەواقیعەوە دیسان وەرزی دروستکردنی هیواو ئومێدی ساختە لەدێ ودەرونی خەڵکی دا وەرزی خوێقاندنی بەهەشتێك لەخەونی خەڵکیدا لەسەرگۆی دۆزەخی ژیانی پێنەهامەتیان .

دیسان وەرزی گاڵتەکردن بەهەست ومەشاعیرو بەهاو شکۆی خەڵکی ویاری کردن بە چارەنووسیان دیسان فریودانی خەڵکی بەدروشمی گۆڕانکاری و چاکسازی ودادپەروەری وعەدالەتی کۆمەڵایەتی وئازادی ویەکسانی و مافی مرۆڤ ومافی منداڵان وژنان وخاوەن پێداویستی تلیبەتی وپاراستنی ژینگەو سەوزکردنی شاروقووتی خەڵکی وگرنگیدان بەکەس وکاری شەهیدان وخانەنشینان وپێشمەرگە دیسان وەرزی هەبژاردن وەرزی وەك کارتی دەنگدان وفریودان بەکارهێنانی جینۆسایدی هەڵەبجە وئەنفال ووەرزی بەکارهێنانی دۆسیەی کەرکوك وناوچەدابڕێنراوەکان وەرزی یاریکردن بە موعانات وهەنجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وەرزی بەکارهێنانی ناوی خانوە قوڕەکان وگەڕەکە هەژارەکان خەڵکینە هوشیاربن پەرلەمان وهەبژاردن وکاندیدو نوێنەرەکانی هیچ لەژیان وگوزەرانی خەڵکی ناگۆڕێت بەرەو ژیانێکی باشترو شیاوتربەکو ژیان وگوزەرانتان خراپ وسەختردەکات ئەوەی ژیانی دەگۆڕێت وباشتر دەبێت تەنیا کاندیدو نوێنەرەکانن کەدوای هەبژاردنیان وەك پاشا دەژین دەبنە خاوەنی مووچەیەکی زۆر خەیاڵی دەبنە خاوەنی خانوو وشوقەو نەسریەو حیمایە وسەیارەو باخ وکۆمپانیا ونەلەئاویان کەم دەبێت نەلەنان نەلەکارەبا نەلەکارنەلە پارە ئەوی لەم پرۆسەدا

زەرەردەکات وژیانێکی پڕ مەینەتی بەنسیب دەبێ تەنها خەڵکی کرێکارو هەژارو زەحمەتکێش ودەستەنگە .

هەربۆیە داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەم کەفریووی ئەم شانۆگەری وگاڵتەجاڕیەی ناویان ناوە هەڵبژاردن نەخێن 27ساڵە لەکوردستان و15 ساڵە لەعێراق ئەم شانۆگەریە گاڵتەجاڕیە نمایش دەکرێ وئەنجام دەدرێ کە جگەلەدەسەڵاتداران و حیزبەکان و پەرلەمانتاران زیاتر کەسی ترلێ ی سوود مەند نەبووە خەڵکی کوردستان پەرلەمان کلینك ونەخۆشخانەنیە تانەشتەرگەری نەهۆشتنی ناعەدالەتی تیادا بکرێت تا حەبی نەهۆشتنی برسێتی وشروبی نەهۆشتنی نەداری وهەژاری ودەرزی خۆشگوزەرانی وخزمەتگوزاری وەك عیلاج بدرێتە خەڵکی پەرلەمان دەستگایەکی تری سەرکوتکردن و لێ سەندنەوەی ئازادی ومافەکانی خەڵکە لەلایەن دەسەڵاتداران وحیزبەکانەوەهەربۆیە حیزبەکان بەکێن وتازەکانیانەوە هەرهەموویان شەی دەسەڵات وکورسی وبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن نەك شەی خۆشگوزەرانی وخزمەتگوزاری بۆئێوە ئەوان شەی خۆیان دەکەن نەك شەی خەڵکی ولەپێناو گەیشتن بەدەسەڵات وکورسی وپلەرژەوەندیەکانیاندا ئێوە دەکەنە پردوپەیژەو کارت وقوربانی بەشداریکردنی هەڵبژاردن شەرعیەتدانە بەدەسەڵاتداران وحیزبەکان کەئێوە برسی وبێ ماف و سەرکوت دەکەن دەنگدان واتە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی شوم ودزێوی دەسەڵات وحیزبەکان بەسەرخۆتان وژیان وگوزەرانی خۆتان و ماڵ و منداڵ و نەوەکانتان هوشیاربن بەشداری هەڵبژاردن مەکەن ودەنگ مەدەن وبایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن .

بەوحیکایەتەکانانە مەخەڵەتێن کەحیزبەکان 27ساڵە لەکوردستان و15ساڵە لەعێراق بەردەوام بۆفریودانتان دەیگێڕنەوە بەوقسانە مەخەڵەتێن کەدەڵێن دەم وچاوەکان دەگۆڕێن ئاگاداربن ئەقڵیت و کلووتورو بیرکردنەوە ی هەموو دەموو چاوە کێن و نوکانی سیاسیەکانی کوردستان وعێراق وەك یەك وچوونیەکە بەوقسانە مەخەڵەتێن کەدەڵێن ئەگەر نەچی بۆدەنگدان لەبری تۆ دەنگدەدرێ ساڵەهای ساڵە دەسەڵاتداران و حیزبەکان لەبری ئێوە بۆیاردەدەن لەبری ئێوە بیردەکەنەوە ئەوەی لەم عێراق وکوردستانەدا خاوەن دەنگ و بۆیارو بیرکردنەوە نەبێ خەڵکیە هوشیاربن بەقسەیەنەخەڵەتێن کەدەڵێن ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی جیاوازە لەوانی ترچارەنوس سازی ویەکلایکەرەوەیە وهاوکێشەکان دەگۆڕێ وقسەی تری فریودەرانەی لەم بابەتە هەرهەمووی درۆیە هیچی بچووکترین ئاوگۆڕ لەژیان وگوزەرانی ئێوەدا ناکات ئەو قسانە بۆخۆیان وبەرژەوەندیەکانیان

ئاستە وچارەنوس سازە نەك بە ئەوە کەژیانتان خراپتر دەبێ نەك باشتر هوشیاربن بەم درۆو فریوانە مەخەڵەتێن دەسەڵاتداران وحیزبەکان هەرهەموویان دواجار خاوەنی دەسەڵا ت و بەرژەوەندی هاوبەشن دونیایە تەوافق و مساوەمە دەکەن دوای هەبژاردن لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا باشترین بەگەو گەواهی ئابووردووو مژوویانە هوشیاربن سەردەمی حیزب و حیزبی ئزگاریکەرو مونقیز بەسەرچوو سەردەمی سەرکردەی کاریزمی و خاکی وپشەوبەسەرچوسەردەمی لینین وماوو گیڤارا بەسەرچووو دەبێت هەرهاولاِتی و تاکێکی ئەم کوردستان وعێراق وجیهانە بۆخۆی لینین وماو وگیڤارایەك بێت وئیرادەی گەورەی ئینسانی خۆی بنوێنێت وچاوەڕوانی هیچ سەرکردەیەکی کاریزمی وحیزبێکی ئزگار کەر نەبێت کەزگاری بکات دەبێت خۆی کاریزماو ئزگارکەری خۆی بێت وخەون و خەباتی خۆی نەبەستێتەوە بەسەرکردەو حیزبەکانەوە کە لەئایندەدا بۆی بەدیبهێنن دەبێت تەنیاخۆی بەیەك ئیزی و یەك دەنگی و ئکخراوبوون و کۆبوونەوە لەدەوور یەکترو فراوانکردنی فشارونا ەزایەتیەکان خەونەکانی خۆی بەدی بهێنێت دەبێت خۆی خۆبەخشانەببێتە نوێنەری خۆی لەکوچەو شەقام وکێڵان وشوێنی کاریدا نەك خەڵکی حیزبی بەرژەوەندخواز بەدەیان ملیۆن دینار بکاتە نوێنەری خۆی لەپەرلەمان نوێنەری خەڵك دەبێ خۆبخشانەلەناو خەڵکدابێت لەکوچەو شەقام نەك نوێنەری پەرلەمان بەکرێی مانگانەی دەیان ملیۆنی وسیارەی ئاخر مۆدێل ولەشکرێ حیمایە و شوقە وخانوو باخەوەئەمە نوێنەر نیە بەکوئەمە دەرەبەگی نوێ یە ئێستا لەتەواوی دونیاداسەردەم سەردەمی هاتنە مەیدانی خەڵکە ناەزایەتی وخۆپیشاندان ومانگرتنەلەپێناو مافە ئینسانیەکانیدا لەپێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانی وخزمەتگوزاریدا دیارە ئەم مافانەش بەخەبات وشۆڕش و مانگرتن وخۆپیشاندان وەردەگیرێت ودەسەندرێت ئەم مافانە هەرگیز لەلایەن حوکمەت ودەسەڵاتداران و حیزبەکان ونوێنەرەکا ن وپەرلەمانەوە نابەخشرێت ونادرێت ئێستا لەتەواوی دونیادا کۆشەو داواکاری خەڵك ماف و خزمەتگوزاری وخۆشگوزەرانیە نەك دەنگدان وهەبژاردن وپەرلەمان نەك نەتەوە وەگەزو مەزهەب و تایفەگەری و حیزبایەتی وگۆینی دەم وچاوەکان و شەو مللملانێ سیاسیەکان وهتد هەربۆیە خەڵکی کوردستان وعێراقیش لە ئێستادا دەبێت بایکۆتی هەبژاردنەکان بکەن وماف و سەرتاسەری فراوانەوەبەدەست بهێنن ئەمە باشترین ئەتەرناتیڤە نەك هەبژاردن و پەرلەمان و دەنگدان .

بانگەوازێك بۆ هونەرمەندانی كورد لەهونەرمەند نەجم محەمەدەوە

ماوەی چەند ڕۆژێكە دەوڵەتی فاشی وتیرۆرست وكۆنەپەرستی تورکیا لەشكركێشیەكی نامرۆڤانەی دەستپێكردووە بۆسەرشاری عەفرین بەمەبەستی داگیركردنی ئەو شارەو لەناوبردنی كانتۆنی عفرین ئەم لەشكركێشی یە دژندانەودوژمنكارانەی بەبۆو بەبیانوی بۆ بنەمای وەك گەلانەوەی ئارامی وئاسایش بۆعفرین وپاراستنی یەكپارچەیی خاكی سوریا ئەنجام دەدات.

دیارە كەلەاستیدا تورکیا بۆخۆی لەناوچەكەدا بۆتە مایەی نائارامی وشەو ئاشووب و پارچەپارچەكردنی سووریا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەم لەشكركێشیەدا لە مینبەری مزگەوتەكانی تورکیاوە فتوای جیهادو كوشتن وئەنفال و لەناوبردنی ئینسانی كورد لەعفرین وڕۆژئاوا دەدرێت هاوكات لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین هونەرمەندی فاشی وڕاسیزم ودەمارگیری تورك لە بەشە جیاجیاكانی هونەر لەتورکیا هاوشێوەی ئەردۆغان ومەلای مزگەوتەكانی تورکیا پشتگیری ئەم لەشكركێشیەدەكەن ولەگەڵ فتواو ئەنفالكردن ولەناوبردنەی خەڵكی كورد ان لەڕۆژئاوا.

هەروەها لەولاشەوە ئەمەریكاو ڕوسیا و ووڵاتە زل هێزەكانی دونیاو كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی وئەنجومەنی نەتەوە یەكگرتووەكان وڕۆكخراوی مافەكانی مرۆڤ بۆ دەنگ و بۆ هەڵوێستن وعفرین وڕۆژئاوایان تەنیا جێ هێشتووە وڕۆی تەماشاكار دەبین ئەمەلەكاتێكدایە كەشەڕۆڤانانی كوردی ڕۆژئاوا لەبری هەموو جیهان شەڕی داعشیان كردو لەوپێناوەدا دەریایەك خوێنیان بەخشی و بەهەزاران كوڕوكچی شەڕۆڤان گیانیان بەخشی لەپێناو ئەمن وئاسایشی هەموو مرۆڤەكانی جیهان بەداخەوە ئاوها پاداشت دەدرێنەوە وبەتەواوەتی دەستی دەوڵەتی تورکیایان ئاوەڵاكردوە تاوەكو بەباشترین شێوە لەشكركێشیە نامرۆڤانەو دوژمنكارانەكەی ئەنجام بدات .

دیارە ووڵاتە زلهێزەكانی دونیا لەسەرو هەموشیانەوە ئەمەریكاو ڕوسیا هاوپشتی وپشتگیری ئەم لەشكركێشیەن وئەوانیش بەشداری ئەم پلان وخیانەت وتاوانە گەورەن كەدەرهەق بە خەڵكی ڕۆژئاوادەكرێ

دیارە لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لەشکرکێشیەدا چەندین خەڵکی سڤیل گیانیان لەدەست داوە هاوکات ژنان وپیاوانی شۆشگێڕو قارەمانی عفرین بەرگریەکی گەورەو ئەفسانەیی و حەماسە خوڵقێنیان نواندووە ودەنوێنن .

هەربۆیە پێویستە ئێمەی هونەرمەندان بێ دەنگ وبێ هەڵویست نەبین لەئاست خەڵکی عفرین وشەڤانانی ئازاو قارەمانی ڕۆژئاوا ولەوبارەیەوە دەبێ هەڵوێستی جدیمان هەبێ وئەم لەشکرکێشیە ئیدانەو شەرمەزاربکەین وبەهەڵوێست وهونەرەکەمان وبەرپەرچی هونەرمەندانی شۆفێنی وڕاسیزمی تورکیا بدەینەوە بۆئەو مەبەستە لەدەوریەك کۆبینەوە وبەگژ ئەردۆغان ومەلاو هونەرمەندە فتواچیەکانی تورکیادا بۆینەوە وهێزی فشاردروست بکەین وبۆینە شەقام ولەوبارەیەوە گردبوونەوە وخۆپیشاندان ئەنجام بدەین وچالاکی هونەری ئەنجام بدەین و هونەرەکەمان بهێنینە سەرشەقام هاوپشتی وپشتیوانی خۆمان بۆخەڵکی عفرین وڕۆژئاوا دەربڕین وئەمەریکاو ڕوسیاو ووڵاتە زلهێزەکانی دونیاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئیدانەو شەرمەزاربکەین سەبارەت بەبێ دەنگی وبێ هەڵوێستیان بەرامبەر بەوتاوان ولەشکرکێشیەی کەتورکیای فاشی دەرهەق بەڕۆژئاوا ئەنجامی دەدات.

هەربۆیەپێویستە ئێمەی هونەرمەندان هەفتەی بەرگری ڕاگەیەنین ناکرێ هاوزمان وبراوخوشکەکانی ئێمە لەڕۆژئاوا ڕووبەڕووی لەشکرکێشی ولەناوبردن بنەوە ئێمە لێرە بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بین ناکرێ ژن و پیاوانی شەڤانی عفرین شێرانە لەسەنگەردا بجەنگن لەبەرابەر سوپایەکی فاشی پەیمانی ناتۆدا و ئێمە لێرەوە لەماڵەکانی خۆماندا بێ دەنگ لێ ی دانیشین وشەرمەزاریەبێ ئێمەکەدەبینین ودەبیستین خەڵکانی ئازادیخوازی بیانی میللەتەجیاجیاکانی جیهان خۆبەخشانە دێن یەڕۆژئاواوشانبەشانی شەڤانان دژی سوپای فاشی تورکیا دەجەنگن کەچی ئێمە لەم بەشەی کوردستانەوە بێ دەنگی هەڵبژێرین هەربێ ئەو مەبەستە داواکارم لە سەندیکای هونەرمەندان کەبێنە سەرخەت وبێ دەنگی وبێ هەڵوێستی بشکێنن وڕێی جدی خۆیان بگۆڕن بەهەرشێوازێك لەشێوازەکانی خەباتی مەدەنی کەبۆیان دەکرێت بێنە مەیدان..

هونەرمەندان سەرجەم بوارەکانی هونەر بانگەوازی هەمووتان دەکەم کەچیتر بێ دەنگ مەبن و بێ نە مەیدان وشەقام...هونەروهونەرمەندبوون هەر بەتەنها شوهرەت ودەرکەوتن نیە هەرئەوەنیە خەڵك بخەیتە هەڵپەڕین وپێکەنین ولایەنی سێزداری خەڵك بلاوێنیتەوە بەکو لەگەڵ ئەمانەشدا هونەرو هونەرمەند بوون هەڵوێستەوپەیامی مرۆڤایەتی وشۆشگێڕیە بەرگریکردنە لەمافەکانی خەڵکی ..لەئازادیەکانی ئینسان ..وەستانەوەیە دژی ستەم وچەوسانەوە وناعەدالەتی وکوشتنی ئینسانەکان .

ئەوە ئەی هونەرمەندانی بواری گۆرانی مۆزیکا بانگەوازتان دەکەم کە بۆهەفتەیەك وازبێنن لەبەرنامەتەرفیهی یە هونەریە کانتان وازبێنن لە گەعدەکانتان وازبهێنن لە لایڤ میوزیکەکانتان لە باو ئیستۆرانتەکاندا بۆ ساتێ وازبێنن لەگۆرانی گوتن بۆ مەستەکان وەرن سروودو گۆرانی بۆشەرڤانان بڵێن ئاخر شەرمەزاریە ئەوە لەباو ئیستۆرانتەکاندا بن وهاوزمان وبراو خوشکەکانی ئەوەش لە سەنگەردابن وبەخوێنی خۆیان بەرگری لەعفرین بکەن بەسیە بۆتەنها ساتێ واز لەگۆرانی گوتن بێنن بەباڵای یارو بەسینگ وبەرك وچاوزوڤ وئەگریجەی ژندا وەرن گۆرانی بەباڵای ژنانی شەڤاندا بڵێن کەسوپای فاشی وکۆنەپەرستی تورك تارومارەدەکات بەسیە وەرنەمەیدان ئەمە ڕۆژی بەرخۆدان و بەرگریە ...ڕۆژی ئەوە نیە چاومان لەپارە وموکافەئەبێ دەبێ خۆبەخشانە کاری هونەری وچالاکی بکەین بۆ عفرین وڕۆژئاوائەمڕۆژی هونەری خۆبەخشانەیە..ڕۆژی هەڵوەستی شڕشگێڕی ومرۆڤایەتیە...ڕۆژی دەنگ هەڵبێن وبەرپەرچدانەوەیە ... بژی ئیرادەی گەورەی شەڤانانی عفرین وڕۆژئاوا ...سەردەکەوێ عفرین تەك دەشکێ سوپای فاشی تورکیاسەردەکەوێ ڕۆژئاوا.

هونەرمەند نەجم محەمەد
سلێمانی 23-1-2018

غەزەل...دەنگێکی نوێ لەهونەری گۆرانی و مۆزیکی کوردیدا ... نەجم محەمەد

کیژە بەهرەمەندی بەشداربووی بەرنامەی کورد ئایدل بەڵای من دەنگێکی نوێ یە لە هونەری گۆرانی ومۆزیکای کوردیدا دیارە توانای و ئاست و خۆشی دەنگی ئەم خاتوونە لەووتنەوەی یەکەك لە گۆرانیەکانی هونەرمەند کاك (عەزیزی شارۆخی)ەوە بەناوی (کیژە کوردی) دەرکەوت وزیاتر ناسراو ئەم گۆرانیە زیاتر بردیە ناو خەڵکیەوە وبەجۆرێك ئەم گۆرانیە بەدەنگی غەزەل دەنگی دایەوە ئەگەر چی چەندین ساڵە پێشتر هونەرمەند کاك عەزیزی شلێرخی ئەم گۆرانیەی

گوتووە بۆاو کردۆتەوە .

لێرەوە دەمەوێت کەمێك قسەلەسەر ئەم خاتوونە دەنگ خۆشە بکەم و هەندێ ڕاوسەرنج و پێشنیاریش بخەمە ڕوو لەپێناو زیاتر بەرەوپێش چوون و سەرکەوتنی ئەم خاتوونەدا لە کاروانی هونەرو مۆزیکای کوردیدا من پێم وایە ئەم خاتوونە دەنگێکی تازەو تایبەتە پێویستی بەپەروەردەکردن و ڕێنمایکردن هەیەئەم خاتوونە تێنی دەنگی بێ هەموو گۆرانیەك نابێ و ناشێ بەداخەوە لەبەرنامەی کورد ئایدل دا دەبینم بەسەبکی جۆراو جۆرو تێنی جۆراو جۆر گۆرانی بێدادەنێن وگۆرانی دەڵێت ویاری بەدەنگی دەکات دەنگی تاقی دەکاتەوەجانازانم خۆی ئەو گۆرانیانەهەڵدەبژێرێت یان تیپەمۆزیکیەکەی بەرنامەکەیە من پێم وایە ئەگەر تیپەکەبێت غەدر لەم دەنگە دەکات وتوانایەکان و خۆشیەکان و ئیحساس وجوانیەکانی دەنگی کاڵ و کەم ڕەنگ دەکاتەوەئەگەر هەڵبژاردەی خۆشی بێت دیسان من پێم وایە خۆشی هەمان غەدر لەدەنگی خۆی دەکات هەروەها بەداخەوە دەبینم لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرنامەکەش زۆر جار موجامەلەی ئافەرینی ئەم خاتوونەدەکەن کەیاری بەدەنگی دەکات وبە شێوازو لەهجەی جیاجیاگۆرانی دەڵێت من پێم وایە ئەم لیژنەیەش دیسان غەدر لەم دەنگە دەکەن.

بەڵێ ئەم خاتوونە دەتوانێ شێوازی جیاواز جیاواز لەگۆرانی کوردی بڵێت ئەو توانایەی هەیە بەڵام توانای شتێکەو تابع وتێنی دەنگ شتێکی ترەدەنگی ئەم خاتوونە دەنگێکە بۆگۆرانی شادو خۆرا نابێت چونکە کاتێك گۆرانی خۆرا وشاد دەڵێت خۆشی و جوانی و ئیحاس وتام وبەرامەی دەنگی بزردەبێت خۆرای ڕیتمەکە شیرینی دەنگەکەی هەڵدەمژێت و وونی دەکات هەروەها دەنگی(بۆگۆرانی هەورامی و کرمانجی)نابێت دەنگی بێ گۆرانیەکانی مامۆستا (خالقی و کامگارەکان) نابێت وناگونجێت ئەو دەنگێکی ڕۆژهەڵاتی جوانی ناوچەی (سەردەشت …موکوریانە) تیشکە دەنگێکەلەرشۆژهەڵاتەوەهەڵهاتووە دەنگی ئەو بۆگۆرانی ئارام وسلێونیمچەخۆراگونجاو لەبارە دەنگی ئەو بۆگۆرانیەکانی هونەرمەندان (عەزیزی شارۆخ ومحمد دانش و میکایل و مامڵێ و جەمال موفتی)زۆر لەبارو گونجاوە هەروەها ئەم دەنگە دەنگێکی جوانی ژنانەیە بێ ووتنەوەی گۆرانیەکانی (فەتانەی وەلیدی و مەرزیەی فەریقی و شەهێن تالەبانی و لەیلای فەریقی)زۆر گونجاوە هەروەها لەووتنی گۆرانی دوێتدا دەنگی بۆگۆرانیەدوێتەکانی هونەرمەندی نەمر(عەباسی کەمەندی و شەهێن تالەبانی) گونجاوەولەبارە .

بۆیە لێرەوە پێشنیاردەکەم بۆ ئەم خاتوونە وئەوتیپە مۆزیکیەی بەرنامەی کورد ئایدۆ کەهەڵبژاردنی گۆرانیەکان بۆغەزەل لەهونەری ئەو هونەرمەندانەی ناوم هێنان هەڵبژێرن من پێم وایە یاریکردن بەدەنگی گۆرانیبێژ لەلایەن ژەنیارو و خودی گۆرانیبێژەکانیشەوە بۆتە دیاردەیەك نەك لەوبەرنامەدا بەکو لەهونەری گۆرانی و مۆزیکای کوردیشدا بەگشتی من ئەم دیاردەیە بەدیاردەیەکی هەڵە و ناتەندروست دەزانم وزۆرجار نەژەنیارەکە ونەگۆرانیبێژەکە سەرکەوتوونابن تیایدا مافی خۆی نادەن بەگۆرانی وئاوازەکەبۆیە ناسینی دەنگ و توانای دەنگ و هەڵبژاردنی گۆرانی زۆر گرنگە هەرئەو ەبەتەنیاگرنگ نیە کەتۆ بەشۆوازو لەهجەجیاجیاکانی زمانی کوردی بتوانی گۆرانی بڵێت کەلەووی فۆنەتیك و زمانەوانیشەوە دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە گەورەوە نابێت لەوێوەوە بەهەستێکی تەسکی نەتەوایەتی یەوە بیربکرێتەوە و گۆرانی بوترێت چونکە هونەری گۆرانی مۆزیکا بۆخۆی بەیانکردنی ئیحساسی مرۆڤانەیەو هونەری گۆرانی ومۆزیکاش زمانێکی جیهانی یەوهەموو زمانەکانی میللەتەجیاجیاکانی دونیا پێکەوە تیایدابەشدارن ڵێیان هەیە لەگەشەکردن وداهێنان وبەرەو پێش بردنیدا لەو بارەیەوە نووسەری بەناوبانگی ڕووسی (ڕەسوڵ هەمزەتۆف) زۆر جوان دەڵێ :-زمانێك دوژمنی زمانێکی ترنیەو گۆرانیش گۆرانی لەناو نابات)بۆیە زۆر گرنگ وپێویستە کەئێمە لەووی مرۆیی وئیحساس و نۆونەتەوەییەوە بۆوانینە هونەری گۆرانی ومۆزیکا .

من پێم وایە دەنگی غەزەل دەنگێکی نوێ ی کوردیە وهونەری کوردی پێویستی پێیەتی ئەگەرچی یەکەمی بەرنامەکەبێت یان یەکەمی بەرنامەکەنەبێت دەنگککی نوێ ی جوانی ژنانەیە وهونەری کوردی پێویستی پێیەتی ئەم دەنگە هێشتا لەهەنگاوەکانی سەرەتادایە و کاروانێکی دوورو درێژی لەپێشە بۆیە دەبێت ئەم دەنگە پەلە نەکات ووریا بێت لەهەڵبژاردنی گۆرانی کەلەگەڵ تۆن و دەنگی خۆیدا بێتەوەنابێت فریووی مجامەلەکان بخوات دەبێت ووریا بێت لە هەڵبژاردنی گۆرانیە دوێتەکاندا نەکەوێتە ژێر کاریگەری و خواست وداواکاری ودەنگی گۆرانیبێژی بەرامبەر بەجۆرێك گەر گۆرانیەکە لەگەڵ دەنگیدا نەهاتەوە ڕاشکاوانە ڕای خۆی بڵێت و ئەو گۆرانیە نەڵێت وپێشنیاردەکەم دوای تەواوبوون وکۆتای هاتنی بەبەرنامەیکوردئایدۆ ئیتروازلەلاسایکردنەوە بهێنێت هەوڵ بدات ئیترخاوەنی ڕەچکەی خۆی بێتوسەبکی خۆیبدزێتەوە ولەئایندەدا توانا دەنگیەکەی لەلاسایکردنەوەدا بەخەسارسەرف نەکات وخاوێنی گۆرانی تایبەت بەخۆی بێت چونکەلاسایکردنەوە بەهرەیەکی هونەریە نەك داهێنانێکی هونەری من پێم وایە گۆرانی بۆخۆی ژەنینی ئیحساسە

بەمانایەکی تر ئیحساس ژەنینە بۆیە هەرگۆرانیەك بەئیحساسەوە نەوترێت سەرکەوتوونا بێت ئەگەر ئەوگۆرانیە گۆرانی گەورەترین هونەرمەندیش بێت بۆیە پێشنیاردەکەم بۆئەم خاتوونە کەخۆی خۆی بێت وەدەنگی خۆی وون نەکات بەئیحساسی خۆیەوە گۆرانی بڵێت وهەوڵ بدات بەئیحساسێکی ژنانەوە گۆرانی بڵێت نەك ئیحساسێکی پیاوانەبێنموونە لەگۆرانیەکانیدا وەك ژنێك موخاتەبەی پیاو بکات نەك وەك پیاوێك موخاتەبەی ژن بکات بەداخەوە ئەمە هەڵەیەکە کەزۆربەی هەرەزۆری گۆرانیبێژە ژنەکانی کورد بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە وەك پیاوگۆرانی دەڵێن نەك وەك مرۆڤێکی ژن.

ئیفراندەم یان ئیفریوودەم! ... نەجم محەمەد

وەك هاوڵاتیەك و تاکێکی ئەم هەرێمەبە پێویستم زانی ئازادانەو ئاشکاوانە لێکدانەو بیرو بۆچون و سەرنجەکانی خۆم لەسەر ئیفراندەم بخەمە ڕووخوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆمی بۆبکەم نەك بچمە ژێرهەژموونی خوێندنەو لێدانەوەکانی تروخەکانێکی تر من پێم وایە پشنیاروبۆیاردان لەسەر ئیفراندووم لەم هەلومەرجەی ئێستادا بەم تەرزەی ئێستا لەلایەن دەسەڵاتی کوردی وحیزبەکانەوە هیچ نیە جگە لەفریودانی خەڵکی نەبێت بۆچەن دەیەیەکی تری درێژەدان بەدەسەڵات و بەرژەوەندیە حیزبیەکان .ئیفراندەم نوێترین ئامرازو ڕێگەیە بەدەسەت دەسەڵات و حیزبەکانەوە بۆفرمات کردنەوە وئەبدێت کردنەوەی دەسەڵات وبەرژەوەندیەحیزبیەکانیان ومیکیاژێکی نوێ یە بۆجوانکردنەوەی سیمای ڕەش و دزێوی دەسەڵات وحیزبەکان لای خەڵکی ولەبیربردنەوەی قەیران ونەهامەتیەکان و بێ مافیەکانە لەبیری خەڵکیداو پەردەیەکی ڕەشە بۆشاردنەوەیان هەرەەها خەون و هیواو خۆش خەیاڵی وئومێدی ساختەو دروست کراوە بۆسەرمەستکردن وتەخدیرکردنی خەڵکی تاوەکووژیانی کولەمەرگی و پێنەهامەتی و ڕۆژانەیانی ئەمەو سبەی پێ بکەن قەناعەت وقبووڵی ژیانێکی تاڵی لەوجۆرە بکەن بەئومێدی گەڵان وباشتر بوون.

دەسەڵات وحیزبەکان فریووی خەڵك دەدەن ودەڵێن ئەم هەلە هەلێکی

مژوویه ولەکیسمان چەت جارێکی تر دووبارە نابێتەوە زۆر ڕاست دەکەن وزۆر جوانیان پێکاوە هەڵەکی مژوویە بەنام بژێیان و بەرژەوەندیە ئابووری وسیاسی وحیزبیەکانیان نەك بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی لەماوەی 26ساڵی ڕابووردووی ئەم دەسەڵات و حیزبانەدا چەندین جار ئەم ڕستەی هەلی مژوویەو بالەکیسی نەدەین وجارێکی تر ئەم هەلەمان بە ڕەك ناکەوێتەوە داوە بەگوێ ی خەڵکی کوردستاندا و خەڵکیان پێ فریووداوە نموونەی زیندوو هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 1992بەم ڕستەیە خەڵکیان فریوودا گوایە هەلومەرجێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە سەرەنجام نەك هەرهیچ ئاوگڕڕك لەژیان وگوزەرانی خەڵکیدا ڕووی نەدا بەڵکو ژیان و گوزەرانی خەڵکی خراپتربوو وهاوکات شەڕکی وڕانکەرویەکجاردژواری ناوژیان هەڵگیرسان و بەهەزاران کوڕی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشیان کردە قوربانی ئەو شەڕە نەگریسەیان لەسەرکورسی دەسەڵاتیان و لەسەرداهات و سەروەت وسامانی بەتاڵان براوی کوردستان لەولاشەوە خژیان وەك پاشاکانی کەنداو دەژیان وخزان وکوڕو منالەکانی خژشیان دوور لەئاگری شەڕو نەهامەتیەکان ڕاگرتبوو بەئەوان هەلی مژووی بوو بەخەڵکیش هەلی نەهامەتی وماڵوێرانی بوو.

دواتر خەڵکیان بە فیدڕاڵی فرێوو داو ئەویشیان کردە هەلی مژووی ئەمەشیان هەلی مژووی بوو بە خژیان و دەسەڵا ت وبەرژەوەندیکانیان و بەخەڵکیش هیچ دواتر دوای ڕووخانی ژژمی بەعس لەساڵی 2005دیسان ئەم ڕستە فریوودەرەیان دایەوە بەگوێ ی خەڵکیدا بەهەبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان ووەرگرتنی پشکی دەسەڵات و داهات لە مەرکەزەوە لەمەشدا دیسان خژیان خژشبەخت و خژشگوزەران بوون و خەڵکی کوردستانیش هیچ هەرئەو دەمە خەڵکی کوردستان لەگەڵ هەبژاردنەکاندا ئازادانە لەیفراندمکدا زۆرینە دەنگیان بەسەربەخژی وجیابوونەوەدا بەنام ئەم دەسەڵاتەو حیزبەکان بەهەند ئەو ڕیفراندمەیان نەگرت و حسابیان بۆنەکرد ئەوان ئەو دەمە سەرمەست وسەرقاڵی وەرگرتنی دەسەڵات بوون لە حکومەتی ناوەنددا ئەوان سەرقاڵ و سەرمەستی بەرژەوەندیە سیاسی وئابووری وحیزبیەکانیان بوون ئەگەر ڕاستیان دەکرد ئەو دەمە هەلی مژووی بوو وەك خژیان دەڕۆن دەبوو ئەو دەمە ڕیفراندمیان بەجدی بگرتایەو داوای سەربەخژیان بکردایە دواتر حکومەت و دەسەڵاتکی پێنج قڕیان پڵك هێناو هەمان ڕستەیان دایەوە بەگوێ ی خەڵکیدا دیسانەوە خژیان هەلەکەبژیان شاهانەبوو بەخەڵکیش هەلەکەگەدایانەبوو خەڵکیان خستە ناخژشترین و سەخترین وقەیراناویترین و تاڵترین ژیانەوە.

لەئەستاشدا ئەوەتا دیسانەوە ئەم ستە سواوە فریوودەرەیان دەرخواردی خەڵکی داوەتەوە کەگوایە هەلومەرجەکی نوێ هاتەتە ئاراوە وهەلەکی مێژوویمان لەبەردەممانە ونابێ لەکیسی بدەین من پێم وایە هەموو هەلومەرجە نوێکان و هەلەکان دەسەڵات و حیزبەکان بۆخۆیان قۆستەتەوە وخۆیان لێ ی سوود مەندوبەهرەمەند بوون بەشی خەڵکیش هەرنەهامەتی و ئاژاوەشی وناخۆش گوزەرانی و بێ بەشی وبێ مافی بووە بۆیەدەبێ خەڵکی کوردستان چیتر فریوو نەخوات و هوشیاربێت تاکەی قوربانی بدەین ولەنەهامەتیابژین لەپێناو خۆش ژیان وبەختەوەر ژیانی کۆمەڵك ..چینێکی دیاری کراو کەشاهانە لەسەروو هەموومانە بژین 26 ساڵ خەڵکی ئەم هەرێمە نەهامەتی دەچێژێ قوربانی لەدوای قوربانی دەدات لەپێناو شاهانە ژیانی چینێکی دیاری کراو بێ تاکەی ؟؟!!! تاکەی لەچاوەڕوانی ئەم دەسەڵات و حیزبانەدابێت 26ساڵ خەڵکی کوردستان لەچاوەڕوانی ژیانێکی باشتردایە هەرباش نەبوو وخراپتر بوو باشە عومرێکە خەڵکی کوردستان لەچاوەڕوانیدایە یانی 26 ساڵی تر عومرێکی تر چاوەڕوانی بکات لەدەوڵەتی ساوای سەربەخۆیی کوردی کەگەورەبێت بەئومێدی باشبوون وگەشانی ژیانی کەباش نابێت و ناگەڕێت گەر خۆی بەخەباتی جەماوەری نەیگەڕێت و باشی نەکات ئیترکاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان لەسایەی داهات وسەروەت وسامانی سرووشتی ئەم هەرێمەدا ئیتر بۆخۆی شاهانەبژی ئەمەش تەنهاو تەنها بەخەباتێکی مەدەنیانەی جەماوەریانەی سەرتاسەری دەبێت نەك یفراندم وسەربەخۆیی و هەبژاردن نەك پشت بەستن وخەون گرتدان بەئەجنیدای ئەم حیزب و ئەو حیزب و دەسەڵاتەوە.

26ساڵی ابووردوو ئەم دەسەڵات و حیزبانە بەکردار سەلماندیان کەناتوانن ونایانەوێت بچووکترین ئاوگەڕی جدی لەژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستاندا بکەن نموونەی زیندوو بزانن ببینن سەرنج دەن دوای 26 ساڵ لەحکومەتکردن لەئەستادا خەڵکیان خستەتە چ دۆخێکی خراپ و ناهەموارو بێ خزمەتگوزاری و ناخۆش گوزەرانیەوە تێبڕی یفرادم و سەربەخۆیی ئەو دارە ئەفسونیە بێت لە چاو تروکانێکدا ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان بگەڕێت من دژی سەربەخۆی و یفراندمی خەڵکی کوردستان نیم بەمافێکی ئازادانەو دیموکراسیانەی خەڵکی کوردستانی دەزانم بەڵام ئەو یفرانمەی ئەستا باسی لێوەدەکرێت یفراندمێکی تەندروست نیەو مافێکی ئازادانەو دیموکراسیانەی خەڵکی کوردستان نیە بەکو مافێکی سەپێنراو دیاریکراو بۆیارلەدراوی دەسەڵات و حیزبەکانە پێشێل کردنی مافی خەڵکی کوردستانە و بێ فریودانی خەڵکیە لەپێناو بەرژەوەندیە ئابووری وسیاسی و حیزبیەکاندا نەك بەرژەوەندیەکانی خەڵکیدا .

کوا چپرس کرا بەخەکی کوردستان؟!! ئەوەی پرسی پ کرا حیزبەکان بوو نەك خەکی کوردستان. .یفراندم دەبت لەخەکەوە ب خەك بت نەك لەدەسەات و حیزبەکانەوە بخەکی ودواتریش خەکی کوردستان وەك چەپكك گوی جوان ووەك هلکەیەکی پاککراو بەدیاری پشکەشی دەسەات وحیزبەکانی بکات دواتر ئەودیاریە دەبتە تەوق و بەا بگەردنی خەکی کوردستان.. من لەگە یفراندم و سەربەخییدام بەو مەرجەی خەکی کوردستان خی چارەنووسی خی دیاری بکات خی نونەرو حاکم وبەرپرس ووەزیرو دەسەاتدارەکانی خی دیاری بکات نەك ئەم دەسەاتەو حیزبەکانی وەك پیشەی هەمیشەییان خیان هەمووشت دیاری بکەن وهەموو بیار بدەن بە تەوافق وبەپ ی وەك خیان دەن ئیستحقاقی ئینتخابی ئەم دەسەاتە ئەوەندە خەکی دەو و دەناس کەدەنگی بدات دواتر ئیتر ناینااست و نایەوت و سەرکوتی دەکات ئستاش خەکیان ب یفرادم دەوت کەبەو بکات دواتر ئیتر خەکیان ناوت ودوای بەرژەوەندیەکانی خیان دەکەون من لەگە یفرادم ودەوتکی سەربەخدام کەتیایداداهات و سامانە سروشتیەکان بەیەکسان بەهەموان بت یاسا سەروەربت شکو کەرامەتی ئینسانەکان پارزراوبت ئازادیەکانی تاك پارزراوبت هەلی کارو دامەزراندن بەیەکسان بەهەموان ەخسابت ئازادی بیرکردنەوە وژنامەگەری وبیروباوە پارزراوبت مافی کەمایتیەنەتەوەییەکانی تر پارزراوبت من لەگە یفراندم وسەربەخییەکدام کەلەسایەیدا خەك خشگوزەران بت و بەهرەمەند بت لە هەموو خزمەتگوزاری و مافە مرییەکان وهتد لرەدا پرسیارەگرنگەکەئەوەیە ئایا ئەویفراندم وسەربەخییەی ئستا دەسەات وحیزبەکان باسی لوە دەکەن ئەودونیا ئازادو خشگوزەران وپخزمەتگوزاری ومافەمرییانە بخەکی کوردستان دنت وەام ، نەخر.

من پم وایە ئەگەری ئەوە هەیە دوای ئەنجامدانی یفراندم خەکی کوردستان وای ئەم ژیانە قورس و ناەحەت و تاقەتپوکن وپنەهامتی وب مافیەی موجازەفەی پ بکرت وبخرتە دخکی خراپتروشەکی گەورەو ماورانکەری تر لەهەمووشەکانی پشووتری ووبەووبکرتەوە شەی ووتانی دراوس و شەی حەشدی شەعبی و حکومەتی ناوەند وخەکی کوردستان زر بەقورسی باجی ئەم شەە دەدات و ەکانی ئەوان دەبنە سووتەمەنی ئەم شەە نو یە وەك هەموو شەەکانی تری پشوو چن بوونە قوربانی و سوتەمەنی و ەکانی دەسەات و حیزبەکانیش وەك هەموو جار دوور لەئاگری ئەو شەە دەبن هەرچەندە پشبینی کردنی ئایندە سەخت وگرانە بەام ئەزمونی 26ساەی دەسەات وحیزبەکان گەواهی ئەو پشبینیەدەدەن بیە من پم وایە

دەبێت خەڵکی کوردستان لەئێستاوە هوشیاربێت و شەڕی خزمەتگوزای و خۆشگوزەرانی بکات کێشەی خەڵکی کوردستان بەدرێژایی 26ساڵی ئابووردوو کێشەی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریی بووە نەك کێشەی ئیفراندەم و سەربەخۆیی کەمن پێم وایە لەئێستادا نەیفراندەم نەسەربەخۆیی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری بێ خەڵکی کوردستان ناهێنێت ئەو بەهەشتەنیە خەڵك خەونی پێوە دەبینێت من چی لە سەربەخۆی و ئیفرانەم بکەم کە خۆشگوزەران نەبم و خزمەتگوزاریم نەبێت و وەك مرۆڤی سەردەم نەژیم و بەهرەمەند نەبم لەمافە سەرەتاییە مرۆییەکانی خۆم کێشەی من کێشەی سەربەخۆیی وئیفراندەم نیە بەڵکو کێشەی ژیان و وەك مرۆڤ ژیانە ئازادانە وبەهرەمەند لە مافە مرۆییەکان بەهرەمەند لەشکڵی مرۆیی ئیفراندەم وسەربەخۆیی هەرگیز ناتوانێ کۆتایی بەم ستەم وکێشە چینایەتی و مرۆیی و خۆشگوزەرانی وخزمەتگوزاریانە خەڵکی کوردستان بێنێت.

من پێم وایەئیفرانەم و سەربەخۆیی لەسایەی ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیە و دەسەڵاتی ناوەندو دەسەڵاتی دراوسێکاندا هەرگیز ئەو خەونە مرۆییەمان بۆناهێنێتە دی وژیانمان خراپتر دەبێ باشتر نابێ ئەمە نەترسە نەەشبینی بەڵکو واقیع بینی و ئەزموونە بۆیە بەڵای من باشترین ئەڵتەرناتیف خەباتی مەدەنی جەماوەری سەرتاسەریە لەکوردستاندا بێ بەدیهێنان و بەدەستهێنانی داواکاری وخەون ومافە مرۆییەکانمان نەك ئیفراندەم وسەربەخۆیی بەو تەرزو شێوەیەی دەسەڵاتداران و حیزبەکان بۆخۆیان دەوێت نەك بێ خەڵکی .

ئەوی بە ی منەوە مایەی سەرنج وتێڕامانە ئەوەیە هەندێ گروپ و حیزب و لایەن و کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیستی پشتگیری ئەم جۆرە ئیفراندەمەدەکەن بۆسەربەخۆییی وخەڵکی بۆهاندەدەن بە ودەلیلەی کە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی و سەربەخۆییی بوون زەمینە خۆش کەرە بێ دروست بوون وشکێ گرتنی خەبات و ناەزایەتی بەرفراوانی جەماوەریی وخەڵکی کرێکارو هەژارو زەحمەتکێش و ئزگاربوونە لە سەرگەردانی سیاسی ونادیاری چارەنووسی خەڵکی من پێم سەیرە چەپەکان وکۆمۆنیستەکان ئەو خۆش باوەڕی وخۆش خەیاڵیە لای خۆیان وخەڵکی دروست دەکەن بەپێچەوانەی ئەوانە من پێم وایە سەرگەردانیە سیاسیەکان زیاترو دژوارتردەبن و چارەنووسی خەڵکی کوردستانە زیاتر نادیارو ناوون دەبێت وناەزایەتی وخەباتی جەماوەری خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش بەرتەسکتردەکرێتەوە لە جاران و بەشێوەیەکی بەرفراوانترو نامرۆییانە ترسەرکوت دەکرێت وناەزایەتیەکان خەتانی خوێن دەکرێن وئازادی و مافەکان زیاتر بەرتەسك دەکرێنەوە

.

ئەوەی ئەو بەشە لە چەپ و کۆمۆنیستەکان باسی لێوە دەکەن کەسەربەخۆیی زەمینەخۆشکەرە بۆ ناەزایەتی وخەڵکی کوردستان وخەباتی جەماوەری ڕاستە بەڵام بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەت و دەسەڵاتێکی دیموکراسیانەوە وئازادانەی هەندێ لە ووڵاتە ئەوروپیەکان کەباوەڕیان بەمافەکانی مرۆڤ هەیەنەك کۆمەڵگاو دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی کەباوەڕی بە بچووکترین بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ نیە بە هەمووشێوازێك پێشێلیان دەکات دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی تەندروست و مرۆیی نیە تازەمینەخۆشکەربێت بۆخەباتی جەماوەری ئەم دەسەڵاتە هەرلە دەسەڵاتە حوکمڕانیەبەرەییەکەیەوە بیگرە تادەگاتە دەسەڵاتە حکومی و پەرلەمانیەکەیەوە بەدرێژای 26ساڵی ڕابووردوو ئازادیەکانی خەڵکی بەرتەسککردێتەوە و مافەکانی خەڵکی پێشێل کردووە و ناەزایەتیەکانی بەدێندانەترین شێوە سەرکوت کردووە وخوێناوی کردووە نموونەکان زۆرن هەرلە سەرکوتکردنی شۆڕاکانەوە بیگرە تادەگاتە ناەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان .

لەماوەی ئەو 26 ساڵەدا کەهەمیشە بەفیشەك و هێزوتووندوتیژی وەڵامی داخوازیەکانی خەڵکیان داوەتەوە نممونەی زیندووخۆپیشاندانەکانی ساڵی1993و1994هەڵەبجەوخۆپیشاندانە گەورەو فراوانەکەی ساڵی 1994 خەڵکی هەوڵێرکەلەسەر بینای پەرلەمانەوە تەقەیان لەخەڵکی دەکرد وخۆپیشاندانەکانی شاری کەلارو گەرمیان وهتد نموونەکان زۆرن خۆپیشاندانەکان زۆرن هەرهەموویان بەفیشەك وتوندوتیژی وخوێن وەڵامیان پێ دراوەتەوە ئەم دەسەڵاتە 26 ساڵە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆنەبووە ئاوا خەڵکی سەرکوت کردووە جاوەرە سبەینێ دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت دیارە سبەینێش هەمان ئەقڵ وهەمان دەموچاو هەمان کاراکتەردەبنە دەسەڵاتدار لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دامن پێم وایە بەتەکنیکی نوێتربەدەست ئاوەڵایی زیاترەوە خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکات ئەم دەسەڵاتی کوردیەی ئەم هەرێمە دەسەڵاتێکی زۆر عەجیب و غەریبە لەهیچ دەسەڵاتێکی دونیا ناچێ وهیچ دەسەڵاتێکی دونیاش لە وناچێ دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی ناتەندروست ونامەدەنیە ونامرۆییە هیچ ووشەیەك نیە پێناسەی ئەم دەسەڵاتەی پێ بکەیت دەبێت ووشەیەکی نوێ لەفەرهەنگی سیاسیدا بخوڵقێنیت وداهێنیت ئەم دەسەڵاتەی پێ وێنا بکەیت وپێناسەبکەیت من پێم وایە هەرووشەیەکی ترهەرفەرهەنگێکی ترئاراستەی ئەم دەسەڵاتەبکەیت پێم وایە سووکایەتی بەو ووشەو فەرهەنگەوە دەکەیت .

من زۆر پێم سەیرە هەندێ لەچەپ وکۆمۆنیستەکان وابیردەکەنەوە هەمووکەس ئەو تێوانینەی هەبوایە دەبوو کۆمۆنیستەکان ئەو تێوانینەیان نەبوایە چونکە کۆمۆنیستەکان وچەپەکان لەهەمووکەس چاکتر ِئەم دەسەڵاتەیان ناسیوە ولەهەمووکەس زیاتر زەربەی ئەم دەسەڵا َتەیان بەرکەوتووە سەردەمانێك لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا کۆمۆنیستەکان بۆیان نەبوو ئادوێیان هەبێ بارەگایان هەبێ وچالاکی سیاسیان هەبێ تەنانەت بۆیان نەبوو بەئازادی بەیاننامەیەکیش بڵاوبکەنەوە لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك دەگیران وزیندانی دەکران هەمووکەس مێژووی لەبیرچێتەوە کۆمۆنیستەکان نابێت لەبیریان بچێتەوە چونکە مێژوو بێ لەبیرکردن نیە بەکو بۆئەزموون وەرگرتنە ئەم دەسەڵاتە هەمان ئەودەسەڵاتەیە هەمان کاراکتەری سیاسین خراپتربوون باشتر نەبوون ئیتر نازانم چۆن ئەم دەسەڵاتە ئەو فەزائازادە دروست دەکات یان چۆن ێ دەدات ئەو فەزایەدروست بێت تیایدا بزووتنەوەی ناەزایەتی و جەماوەری دروست بێت من پێم وایە ئەو دەمە هەرناەزایەتیەك دروست بێت ئەم دەسەڵاتە بەدووژمنی دەوڵەتی ساوای سەربەخۆی کوردی تۆمەتباری دەکات بەتووندی بەگژیدادێتەوە وسەرکوتی دەکات وەك چۆن دوای دروست بوونی حکومەتی ساوای کوردی لەساڵی 1992 بزووتنەوە ناەزایەتیەکانی خەڵکی بەتابووری پێنجەم وهتد تۆمەتباردەکرد من مەبەست ئەوەنیە کەخەڵکی کوردستان بێ ئومێد کەم و سارد کەمەوە لەناەزایەتی وخەباتی جەماوەری نەخێر من پێم وایە هەموو کاتێك زەمینە هەیە بۆخەبات و ناەزایەتی دەبێت خەبات و ناەزایەتیەکان بەردەوام وێژانەبن نەك ببەسترێتەوە بە ئیفراندێم و سەربەخۆیی و دروست بوونی دەوڵەتی کوریەوە وخەڵکی لەچاوەڕوانیدا بهێتەوە تازەمینە لەباردەبێت من پێم وایە هەرئیستاو ئەمێ وسبەینێ زەمینە هەیە بێ خەبات و ناەزایەتی.

دیسان مەرگی تاڵی کۆبەران..دیسان قوربانیانی

دەستی نیزامی سەرمایە … نەجم محەمەد

بەداخەوە کەمەکەبەری هەژارو دەست کورت وزەحمەتکێش لەم وەرزی سەرمایەدا لە سنوورە بێ ڕەحم ودروستکراوەکانی (سەردەشت) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هەرەسی بەفرەوە گیانیان لەدەست دا…ئەم ئینسانە زەحمەتکێشانە بۆسەیران وسە فاو گەشت و سۆفی وڕنەگرتنی جوانی سروشت لەکاتی بەفرباریندا ڕوویان نەکردبویە ئەوچیاودۆڵە بەکو بەدوی بژێوی و گەڕان بەدوی ناندا ڕویان کردبویە ئەوە…ئەوان بەچلەی سەرما بەگژەی گەرما..لەجوانی بەهارو ماتەمی پایزدا بەردەوام هەمیشە لەوڕبوون وهیلاك و ماندووی ڕەنج بوون تاسفرەی ماڵەکانیان خاڵی نەبێ..تاماڵ ومناڵەکانیان بێ بەرگ نەبن..ئەوان لێرە ئازارو ناڕەحەتیان دەچێشت تا گوێی بزە لەسەرلێوی مناڵەکانیان گەشاوەبێ …تاژیانی ووردیلەکانیان حەساوەبێ ئەوان لێرە وەك ئاگر دەسوتان .وەك بەفردەتوانەوە تاوەکو ژیان ببەخشنە ئازیزەکانیان

.ئەم کەبەرە ئازیزانە قوربانیانی دەستی نیزامی سەرمایەن ئەم نیزامە نائینسانیە ئەم ئینسانە ئازیزانە و ملیۆنەها ئینسانی تری لەسەرگۆی ئەم زەمینە موحتاج بەپاروە نانێك کردووە تاژیانی خۆی وهێزی کاری خۆی لەپێناویدا بفرۆشێت تاوەکو نان بەدەست بهێنێت ئەمە لەکاتێکدایە بەبارتەقای گەورەیی ئەم دونیا نابەرابەرە سەروەت وسامان هەیە کەبەشی هەموان بکات و لەهەموانیش زیاد بێت بەڵام سەرمایەداران لەپێناو قازانج پەرستی وکەڵەکەکردنی سەرمایەدا ژیانێکی ئینسانیانە و خۆشگوزەرانە بەم ئینسانانە ڕەوا نابینن وئینسان لەژیانێکی سەخت و مەمرە مەژیدا ڕادەگرن وموحتاج بەکارو پاروە نانێکی دەکەن وخۆشیان لەژیانێکی شاهانەو خۆشگوزەرانەدا ژیان دەگوزەرێنن..ئەم کەبەرانەش ئینسانن و شایەنی ژیانێکی ئینسانیانە و خۆشگوزەرانەن کەشیاوی ئینسان بێ بێ گەیشتنی ئینسانەکانیش بەژیانێکی ئینسانیانە و خۆشگوزەرانانە پێویستە خەبات بکەین دژی نەزم ونیزامی سەرمایەداری …پێویستە یەکگرتوو وەکخراو بین ..بژی ژیان ..بژی ئینسان …بژی کەمەگای یەکسان ..بمرێ نیزامی سەرمایەداری کەسەرچاوەی هەموو مەینەت و دەردوئازاری..

گەاندنەوەی خەکی کوردستان بە قناغی گوە وەچەنی!! … نەجم محەمەد

لەساەی 19991وچەند ساەك دوای ئەوە خەکی کوردستان لەهەلومەرجەکی زەر سەخت و نالەباردا دەژیاو گوزەرانی دەکرد ژیانەکی مەمرەمەژی ژیانەکی پە هەژاری و نەداری و بە کاری وگرانیەکی سەختدا زەرەك لەخەکی کوردستان لەبرسەتی و نەداریداپەل پەل و بەکەمە لەدەشتە کشتوکاەیەکاندا بەئاپەرایەکی گەورەلەکاتی درونەی گەنم دا بەدەاسە بەگونی وتورەکەوە دەکەوتنە کەکردنەوەی گوە گەنمە بەجە ماوە کەوتوەکانی دوای درونەکەی دەاسە کان ئەوگوە گەنمەیان کەدەکردەوە و دواتر دەیان هاەی و دەیانکوتاو دەیانکردە نان تا برسەتی خەیان و مناەکانیان پە بەوننەوە .

بەە 25 ساە لەمەوبەر لەژەر سایەی ئەم دەسەاتەداخەکی کوردستان بەوجەرە دەژیاو لەنەداریدا گوە وەچەنی دەکردئەو دەمەش دەسەاتدارانی ئەم هەرەمە وەك پاشاکانی کەنداو دەژیان ولەهیچیان کەم نەبووو ئەوان ئەو دەم سەرقاەی دانانی گومرگەکان و کەکردنەوەی داهاتی گومرگەکان بوون وسەرقاەی ئاودیووکردنی هەموو ئامەرو شت ومەك و ئەتەمبەل و شەفە و گرەدەرو دەاسەو هتد فەرمانگە خزمەتگوزاریەکانی کوردستان بوون بەئەران وبەتاەان هەاج کردنی بەە ئەو دەمە ئەم دەسەاتە زەر بە باك بوو لەژیان و گوزەرانی خەکی.

دواتر بەشەرعیەت دان بەدەسەاتی خەیان و بردنی سەروەت و سامانی کوردستان کەوتنە شانگەری هەبژاردنی ساختە ودروستکردنی پەرلەمان و حکومەت بەدەسەات و بەرژەوەندی خەیان نەك بە خەشگوزەرانی خەکی لەوپەناوەشدا خەکی کوردستانیان فریودا بە وادەو بەەنی گەورەگەورە درەو ساختە تاگەیشتنە دەسەات دواتر پشتیان لەخەکی کردو دواتر شەەکی گەورەی خونناوی ناوخەییان هەگیرسان کەبەهەزاران خەکی هەژارو زەحمەتکەشیان دا بەکوشت لەسەر گردو کەپك ودەە لەپەناو دەسەاتی خەیاندا بەداخەوەئەوا دیسان وا دوای 25 ساە دیسان مەژوو خەی دووبارەدەکاتەوە دووبارەکردنەوەیەکی زەر

خراپترو سەختر لەوەی ساڵی 1991و1992و1993 ئەمجارەیان ئەم دەسەڵاتە بەباکەهەرچی پارەو سەروەت و سامان و نەوت و داهاتی گومرگ و داهاتی ناوخۆیی وهتد دەبات بۆخۆی و خەڵکی کوردستان دەخاتە سەختترین و نالەبارترین و نائینسانیانەترین ژیان وگوزەران بەجۆرێکی وا کەهەموو مافەسەرەتایی یە ئینسانیەکان لەخەڵکی کوردستان دەسڕێتەوە بۆ مووچەیان دەکات بۆ ئاو کارەباو نەوتیان دەکات بۆ کارو نەدارو هەژاریان دەکات هەمووخزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانیان لێ دەستێنێتەوە و بۆ بەشیان دەکات لە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریی وهەروەها ئازادی و مافەمەدەنی و ئینسانیەکانیان زەوت دەکات وفەزایەکی سەرکوت و تۆقاندن بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەسەپێنێت .

بەداخەوەدیسانەوە ئەم دەسەڵاتە خەڵکی کوردستانی گەڵاندەوە بۆ قۆناغی گوڵە وەچەنی بۆ سەردەمی چراو فتیلە و چوولە بەداخەوە خەڵکی کوردستانی کردەوە لەگەڵ ڕۆژمدا بەسواڵکەرودەست پانکرەوەی بەردەم ڕۆکخراوە خێرخوازە ئەوروپیەکان بەداخەوە خەڵکی کوردستانی گەڵاندەوە بۆسەردەمی بەرگ پێشین وبەرگدرونی بەبەتانی خەڵکی کوردستانی گەڵاندەوە بۆ قۆناغی دارسووتاندن وبەتانی لەخۆئاڵان لەسەرمادا لەم هەرێمەپڵە غازو نەوتەدا.

بەداخەوە ئەگەر25 ساڵ لەمەوبەر خەڵکی کوردستان لە وهەلومەرجە سەخت ودژوارەداکەمێك هیواو ئومێدێکیان بەژیانێکی باشتر هەبوو بەداخەوە ئەوا ئێستا ئەو تروسکایەکەمە ی هیواو ئومێدیان بەژیانێکی باشتر نەما 25 ساڵ ژیانێکی باشتر هەربە نسیبی دەسەڵاتداران وحیزبەکان وبنەماڵەکانیان بووە ژیانێکی خراپترو مەمرەمەژیش هەمیشە بەنسیبی خەڵکی کوردستان بووە هەربۆیە تاکە ڕۆگە تاکە ئەتەرناتیف تاکە هیواو ئومێدی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغەی ئێستادا و بەڕۆزگاربوون لەم نەهامەتیەو مەینەتباریە تەنیاو تەنیا خەبات وفشاری جەماوەری و مەدەنیانەی بەردەوامە لەسەرتاسەری کوردستاندا لەشوێنی کارو شوێنی ژیانیاندا لەپێناو بەدەست هێنانی ماف و داواکاری و خواستە ئینسانیەکانیاندا دەبۆ بەخەباتی بەردەوامی جەماوەری سەرتاسەری ئەم دەسەڵاتە ئیجبارکرێ کەتەسلیم بەئیرادەوبەخواستەکانی خەڵکی کوردستان بێت وهەموو سەروەت و سامانی ئەم هەرێمەیە بگەڕێتەوە بۆخەڵکی و خەڵکی کوردستان لێ ی بەهرەمەند بێت دەبێت هەموو خزمەتگوزراریەسەرەتاییەککان بدرێتەوە بەخەڵکی دەبێت خەڵکی کوردستان خۆشگوزەران بژی و وەك ئینسانی سەردەم بەهرەمەند بێت لە هەموو مافەئینسانیەکانی دەبێت مووچەو هەمووشایستەدارایەکان بدرێتەوە بەماموستایان و فەرمانبەران دەبێت ڕۆزو شکۆبگەڕێنرێتەوە

بۆتاك وئینسانی كورد .

كاراكردنەوەی پەرلەمان واتە كاراكردنەوەی بەرژەوەندی حیزبەكان نەك خەڵكی كوردستان … نەجم محەمەد

زیاتر لەساڵكە دەسەڵات و حیزبەكان باس لە كاراكردنەوەی پەرلەمان و ئاسایكردنەوەی دۆخەكەو پرسی سەرۆكایەتی هەرێم وهەڵبژاردنی پێشوەختە و هەڵوەشاندنەوەی حكومەت دەكەن هەرهەموو ئەمانەشیان لەپێناو كاراكردنەوەی بەرژەوەندیە سیاسی و داراییەكانی خۆیاندادەوێت ومەبەستە نەك ئاڵوگۆڕی جدی و ڕیشەیی لە باروگوزەرانی خەڵكی ونەك خۆش گوزەرانكردنی خەڵك و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەخەڵكی كوردستان هەربۆیە كاراكردنەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردن و دابەشكردنی پێستە حكومیەكان وسیادیەكان گەمەیەكە بۆ فریودانی خەڵكی وبەهێزكردنی پێگە حیزبیەكانی خۆیان لەپێناو زیاتر فریودان وسەركوتكردن وپێشێلكردنی مافەكانی خەڵكی كوردستان هەربۆیە نابێت خەڵكی كوردستان بەپەیام و كۆبوونەوە و ڕاگەیاندنەكانی دەسەڵات وحیزبەكان فریوو بخۆن وباوەڕبكەن وخۆش حاڵو خۆش خەیاڵ بن دەبێ خەڵكی كوردستان بەجیا لە دەسەڵات و حیزبەكان بۆیاربدات و قسەو داواكاری خۆیی هەبێت لەسەرشەقام .
خەبات وفشاری مەدەنیانەو جاماوەریانە وشارستانیانە فراوانتربكەن و ڕیزەكانی خۆیان ڕێكخەن و ڕێكخراوبن ئیتر كاتی ئەوە هاتووە شەقام بەجیا لە دەسەڵات و حیزبەكان قسەی خۆی بكات وبۆیار بدات 25 ساڵە دەسەڵات و حیزبەكان لەبری خەڵكی بۆیاردەدەن و قسەدەكەن و خەڵك سەركوت دەكەن وخەڵكی كوردستانیان نوقمی نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشی وبێ مافی كردووە وهەرچی سەروەت وسامانی ئەم كوردستانەیە لەنێوان خۆیان بەشدەكەن ئیتر كاتی ئەوە هاتووە ئەو سەروەت وسامانەی كوردستان بگێڕتەوە بۆخاوەنە ڕاستەقینەكەی كەخەڵكی كوردستانە نەك دەسەڵاتداران حیزبەكان..نابێ ئیتر خەڵكی كوردستان فریووی پەیام

وکۆبوونەوە ودانوستان و بەڕێنە درێ شاخدارو فریوکارەکانی دەسەڵات وحیزبەکانی بخوات کێشەی خەڵکی کوردستان نەکاراکردنەوەی پەرلەمانە نەئاسایکردنەوەی دەخێی نێوان حیزبەکانە ونەهەبژاردنە و نەپێستەسیادی و حکومیەکانە .

داواکاری خەڵکی کوردستان ئەوەیە وەك ئینسان بژی وبەهاو شکۆی ئینسانیانەی نەشکێنرێ وبەهرەمەندبێت لەخێشگوزەرانی و خزمەتگوزاریە ئینسانیەکان وبەهرەمەندبێت لەسەروەت و سامانی کوردستان کێشەی خەڵك هەژاری ونەداری و بێ کاری و بێ مووچەییە کێشەی خەڵك ناعەدالەتی و گەندەڵیە کێشەی خەڵك ئازادی و وئازادی بیروڕایە وکێشەی خەڵ کێشەی ژیانە ژیانێکی بەختەوەروپێئاسایشو ئارامی هتد هەربێیە دانیشتن ودانوستان وکۆبوونەوەکان وکاراکردنەوەی پەرلەمان وهەبژاردن و دابەشکردنەوەی پێستەکان وهەڵوەشاندنەوەی حکومەت بچووکترین داخوازی هەرەسەرەتایی خەڵك چارەناکات و ژیانی باشتر ناکات ونابێت خەڵکی کوردستان هیچ هیواو ئومێدێك بەم شتانەوە گرێ بدات باشە خێ 25 ساڵە پەرلەمان کارابووە وحکومەت کارابووە ودەخەکەش ئاسایی بووە ودەیان هەبژاردن کراوە دەیان حکومەت تەشکیل کراوە دەیان دەم وچاو گۆڕاوە سەدان وهەزاران کۆبوونەوە کراوە وهەزاران بەڵێنی گەورە گەورە بەخەڵك دراوە ئەی بێ بچووکترین ئاڵوگۆڕ لەژیانی خەڵکیدا ڕووی نەداوە ئەی بێ تائەمڕۆش خەڵکی کوردستان ناخێشگوزەرانە و بێ خزمەتگوزاریە و بێ مافە و ئازادیەکانی پێشێل دەکرێ وبرسی دەکرێ ئەی بێهەرنەدارە و هەژارە و بێ مووچە و بێ ئاوو بێ کارەباوبێ بەشە لەهەموو مافەئینسانیەکانی هەربێیە تاقەڕێگەو تاقە ئەتەرناتیفی خەڵکی کوردستان بێ دەربازبوون لەم نەهامەتی و ڕۆژەشی و بێ مافیە تەنهاو تەنها خەبات وفشاریجەماوەری و مەدەنیانە و شارستانیانەیە .

ساڵێکی سەخت لەبەردەم پرسەیەکی پەروەردەیی سەقەت!!!

... نەجم محەمەد

پرسەی پەروەردە لەهەرێمی کوردستاندا لەماوەی 25ساڵی ڕابووردوودا پرسەیەکی تەندروست وخاوەن فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ئینسانی نەبووەوگەلێك کەم وکوێی و کێشەوگرفت و قەیرانی هەبووەلە هەموویەکەوەئەم قەیرانی دارایییەی ئەمڕۆش کەدووچاری ئەم پرسەیەبووە هێندەی تر ئەم پرسەیەی ناتەندروست ونائینسانی ترکردووە وهێندەی تر ئەم پرسەیەی وێران کردووە هەربۆیەئەم ساڵی خوێندنی 2016-2017ساڵێکی ئێجگارسەخت و قورس وقەیراناوی وگران دەبێت لەبەردەم پرسەی پەروەردە لەهەریمی کوردستاندا کە ئەو دێخە هەروا درێژەی هەبێت و بەردەوام بێت ئەگەری پەك کەوتنی پرسەکە بەدوور نازانرێت.

ئەم پرسەیە خۆی دەردی کەم نەبوو ئەم دەردە گەورەشی هاتەسەر لەراِبووردوودا دەردەکانی پرسەکە زۆربوون بۆنموونە لەوانە: - بێ باکی وگرنگینەدانی دەسەڵات وحکومەت بە پرسەی پەروەردەو فڕکردن و بوونی فەلسەفەیەکی ناپەروەردەیی ناتەندروست ونەبوونی فەزایەکی ئازادودیموکراسیانەوسەردەمیانەومرۆیانەلەناوەندەکانی خوێندن و دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بەردەوامی ئازاری جەستەی دەروونی وپەروەردەنەکردنی تاکێکی ئازادو سەربەخۆوپشت بەخۆبەستوو و خاوەن ماف وئیرادەووا وشکاندنی شکۆی مامۆستاو قوتابی و خوێندن بوونی ژمارەیەکی زۆری مامۆستاوبەڕێوەبەروسەرپەرشتیارو بەرپرسی پەروەردەیی دەستەمۆکێیلەو وحیزبی وپەیوەندیەکی ناتەندروست لەنێوان قوتابی و مامۆستا ومامۆستا و بەڕێوەبەروسەرپەرشتیارو ژمارەیەکی ئیجگا رزۆری قوتابی کەمی بینا وخراپی کوالیتی بیناو کێشەی کتێب وخراپی ودواکەوتووی مەنهەج نەبوونی دامەزراندن کەمی مامۆستا چارەکە مووچە بەسۆ مانگ جارێ بایکێت و نامۆزایەتی مامۆستایان زۆری پشوو تەزکیەو ئینتیمای حیزبی نەبوون و کەمی کارگوزار کێشەی ئاو کارەبا وگرنگی نەدان بەوانەکانی هونەرو وەرزش وپەرواوەزخستنیان دابەزاندنی ئاستی زانستی و نەبوونی داهێنانی زانستی ئەمانەو چەندین کێشەی تر بەرکی ئەم پرسەیەی گرتووە .

ئەم پرسەیە بەلای منەوە لەگەڵمکی مەنگ ووەستاوی دەچێ کەوەختە بڕگەن بکات لەهەمووشی سەیرترئەوەیە هەر بەناو پسپۆڕو کادرو بەرپرسی پەروەردەیی ولیژنەی پەروەردەیی دژن هەریەکەوشتێك فێ دەداتەناو ئەو گۆمەوە ئەم پرسەیە لەکێگەیەکی تاقیکردنەوەدەچی هەریەکەو ئەزمونی خۆی تیدا تاقی دەکاتەوە بەبێ خوێندنەوەیەکی لێژیکیانە و بابەتیانە و واقیعیانە ئەم پرسەیە ڕێك وەك چێشتی

مجەوەری لە هاتووە من پێکەنینم بەقسەی ئەو بەرپرسە پەروەردەیانەدەت کە زۆر خێش خەیاڵانەو بەشانازی و دەسکەوتێکی گەورەوە دەڵێن گەڵانکاریمان لەپرسەی پەروەردەدا کردووە ئەوەی گۆرانکاری لەواقیعدا تیا کراوە تەنها شێوازی تاقیکردنەوەکان باقی پرسەکە هەرلەجێ ی خۆیەتی وچەقی بەستووە وفەلسەفەیەکی ناپەروەردەیی و ناتەندروست باڵی بەسەر ناوەندەکانی خوێندندا کێشاوە دەزگاو دامەزراوە حیزبیەکان لەپرسەکەدا جێگەی وەزارەتی پەروەردەو بەڵوەبەرێتیەکانی پەروەردەو سەرپەریشتیکردنیان گرتەوەبە بێ پرس وگەڵانەوە بۆحیزب ئەم دامەزراوە پەروەردەیانە ناتوانن وبوێری ئەوەیان نیە هیچ بکەن گاڵتەجاڕیەکی گەورەیەباس لە فەلسەفەی پەروەردەیی و گەڵانکاری پەروەردەیی بکەیت هەژموونی حیزبایەتی باڵی ڕەشی بەسەر پرسەکەدا کێشابێت بەبێ پرسی حیزب لەکارگوزارێکەوە تا وەزیرێك بەفەرمانی حیزب دادەمەزرێ دادەنرێ لادەبرێ پەتای حیزبایەتی سەراپای جەستەی پرسەکەی نەخێش خستووە بەلای منەوە ئەم پرسەیە شتێکی وای لەحوجرەکەی جاران زیاتر نیە کەئینسان تەنیا تیایا فێری خوێندنەوە و نووسین و ژمارەکان دەبێت کەمن پێم وایە ئینسان دەتوانێ لەدەرەوەی ناوەندەکانی خوێندندا لە خولێَکی فێرکردندا زۆر بەباشی و ئاسانی وخێرایی فێری خوێندن ونووسینی وژمارەکان وزۆرشتی تربێت ئەگەر پرسەی پەروەردە تەنها خوێندەواری بێت بەڵاسی ئەم پرسەی خوێندنەی هەرێم ڕێك لەخولی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەچێ نەك پرسەی پەروەردەو فێرکردن.

ئافەرین نادیە موراد ئافەرین!!... نەجم محەمەد

(نادیەموراد) باوەزی نیازپاکی نەتەوەیەکگرتووەکان لەوتەیەکیدا لەبەردەمنوێنەرانی ووڵاتانی جیهان دا گووتی:-(ژبان تەنها بۆئەوە و خۆزانەکانتان دروست نەبووەبەکوئێمەش دەمانەوێت بژینو مافی ژیانمان هەیە ..ئەگەرسەربێین وفڕاندنی منداڵان وبەکەنیزەککردن ودەست درێژیکردنەسەرژنان ودەربەدەرکردنی ملیۆنان کەس نەتانجوێنێت ئیتر کەی دەجوێن)

ئەم ووتانەی نادیەموراد هەموونوێنەرانی ووڵاتانی سەرسام و

شەرمەزارکرد ئەو نوێنەرانەی لەئاست ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەئینسانەکان دەکرێت هەمیشە ڕێی تەماشاکەر دەبینن وجووڵەیان لێوەنایەت چونکەخێیان وخاوخێزان ومنداڵەکانیان پارێزراون وبەکووردی ئاگرە سوورە لەخێیان دوورە وهەروەها زۆرێك لەنوێنەری ئەو ووڵاتانە خودی دەسەڵاتدارانی ووڵاتەکانیان خوێقێنەروسیناریست وبەشداری ئەو تاوانانەن بەرابەر ئینسانەکان دەکرێت لەسەر گێی زەوی لەپێناو بەرژەوەندیە سیاسی وئابووریەکانی خێیاندائەوان خێیان لەڕێی ئەحزابە ناسیونالیستی ومەزهەبی وتایفیە توونڕەوەکانەوە دژەخیچکیان بێ ئینسانەکان دروست کردووە لەسەر گێی زەوی وناویان لێ ناوە ژیان ئیتر بێیە بێباکن وخەمی ئینسانەکانی تریان نیە ئەو نوێنەرانە نوێنەری ئینسانە ستەم لێکراوەکانی جیهان نین بەڵکو نوێنەری بەرژەوەندیەکانی سەرمایەدارین.

بەڕاستی نادیەموراد بەووشیاریەوە زۆر جوان و بوێرانە وژیرانە ئەو ڕاستیەی لەنزیکەوە پێ ووتن کەتائێستا کەس ئەو خەیاڵ و بویری یە نەبووەئەو ڕاستیەیان ئاراستەیان بکات ئەوانیش لەشەرمەزاریدا تەنها ئەوەیان بێمایەوە چەپڵەبارانی بکەن دیارە چەپڵەش ئەو جوڵاندنە نیە کەنادیە موراد مەبەستیەتی وبەچەپڵەی ئەو نوێنەرانەش ئینسانەکانی سەر گێی زەوی ڕزگاریان نابێ لەتاوان وستەم وناعەدالەتی وبرسێتی وهتدنادیەخانی بەڕێز ئەو نوێنەرانە بەعەمەلی سەلماندویانە کەژبان تەنها بێئەوان دروست بووە و تەنهاەوان مافی ژیانیان هەیە وئەوان منداڵەکانی خێیان لەمنداڵکانی ئێمە بەنرخترو بەجوانتر دەزانن ..ئەوان گەردنی خێیان پاریزراوبێ ئیتر باکیان نیە لەوەی ملیۆنان ئینسانی دیکە ببێ ئەوان ژن وکچانی خێیان پاریزراوبن باکیان نیە لەوەی ژنان وکچانی دیکەبەکەنیزەك بکرێن وکڕین وفرۆشتنیان پێوە بکرێت وهتدئافەرین نادیە موراد ئافەرین کەمەگای نێودەوڵەتیت هێندەی تر شەرمەزارکردمن پێم وایە کەمەگای نێودەوڵەتی ونوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان و نوێنەرانی مافەکانی مرۆڤ دیفاع لەهەمووشتێك دەکەن تەنها لە مرڤ نەبێ!!!!

دیسان بەحیزبیکردن وقۆستنەوەی ناەزایەتیەکانی خەڵکی ... نەجم محەمەد

لەهەرێمی کوردستان دیسان نارەزایەتیەکانی خەڵکی ڕوولەهەڵکشانە وشەپۆلێکی ناەزایەتی بەڕووەیەلەدژی ناعەدالەتی وبێ مافی و تەبوونی خزمەتگوزاریەگشتیەکان و دواکەوتن و کەمی مووچەونەبوونی خۆشگوزەرانی وهتد ..بەداخەوە ئەم ناەزایەتیە خۆسك و شۆشگێڕانەی خەڵکی ناازی لەبەرنەبوونی نوێنەران وڕابەرانێکی جدی وهوشیاری هەقوڕاوی ناوخەڵکی کەئەم ناەزایەتیانە ڕێك خات و ڕێنوێنی بکات وئاسۆو ئامانج وخواست وداواکاریەکان دیاری بکات ئەم ناەزایەتیانە دەکەوێتە نێوان بەرداشی دەسەڵات وحیزبەکانەوە بەکورتی دەسەڵات وحیزبەکان ناەزایەتیەکانی خەڵکیان کوشتووە وخنکاندووە وناهێڵن تەندروستانە ئاراستەی خۆی وەرگرێ .

هەرچی دەسەڵاتە هەوڵ دەدات بۆسەرکوتکردن ولەناوبردنی ئەم ناەزایەتیانەی خەڵك تۆمەتی حیزبی بوون ودەستی حیزبی لەپشتەوەبوونی بخاتەپاڵ وهەرچی ئەو حیزبانەشە کەململانێی دەسەڵات دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی ودەسەڵاتی زیاتری خۆیان هەوڵ دەدەن ئەم نارەزایەتیانەی خەڵکی وشەقام بقۆزنەوە وخەڵکان وکادیرانی خۆیان بخزێننە ناو ئەو ناەزایەتیانەو ڕابەرایەتی و نوێنەراتی ئەو ناەزایەتیانە بکەن وسواری ئەو شەپۆلی ناەزایەتیانە دەبن ولەپێناو ئامانج وبەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیاندا ناەزایەتیەکان بەلاڕێدا دەبەن وموساوەمەی پێ وەدەکەن وشەقام وناەزایەتیەکان دەکەنە فشارێك لەسەر دەسەڵات تاهەرچی زیاترە دەسەڵات وکورسی وبوجە وبەرژەوەندی زیاتر وەربگرن لەسەر شان ودەردو ەنج وئازاروقوربانی و ناەزایەتیەکانی خەڵکی.

بەمەش گەورەترین خزمەت بەدەسەڵات دەکەن وبەهانەی ئەوەی بۆدروست دەکەن کەناەزایەتیەکانی خەڵکی بەئاسانی سەرکوت بکات و داواکاریە مرۆییەکانی خەڵکی لەباربات نموونەکان زۆرن وەك 17شوبات و ئەم یەك دووساڵەی دوایی کەنموونەی زیندوون بۆگەواهی ئەم ڕاستیە هەربۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان لەو ڕوەوە زۆر ووشیارو بەئاگابێت نەهێڵێت جارێکی کە مۆژوو خۆی دووبارەکاتەوە و وناەزایەتیەکانی خۆی لەچنگی دەسەڵات وحیزبەکان دەربهێنێت نەهێڵێت بکەوێتە نێوان ئەو دووبەرداشە وخۆی لێ ڕزگار بکات وخۆیان نوێنە رو ڕابەری خۆیان

بن وخۆیان خۆیان ڕۆکخەن وماف وداواکاری خواستەکانیان دیاریکەن وخەبات بۆبەدیهێنانیان بکەن چاوەڕێ ی دەستی نوێنەرانی دەسەڵات وحیزبەکان نەبن و خەڵکی کوردستان دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت کەبەدەستی خۆیان دەتوانن ڕزگاربن ئەگەر یەکبن نەك بدەستی نوێنەرەداتاشراوەکانی حیزب ودەسەڵات کەخەونی بوونەپەرلەمانتاروخەونی کورسی وخەونی پلەو پایەو سەرمایە دەبین لەڕێگەی ناەزایەتیەکانی خەڵکەوە پێ ی بگەن نەك خەونی خۆشگوزەرانی بۆخەڵکی..

ئەم وێنەیە لە ئەم وێنەیە لە بەرواری 7-9-2016 گیراوە لەسلیمانی لەپارکی نالی لەگردبوونەوەی دەستەی نارەزایەتی خەڵکدا لەکاتی چێینی سروودڵکدا لەسەر ژیان وگوزەرانی خەڵکی هەرێم لەم هەلومەرجە دژوارەدا..